ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٤٨) پـاییـز (٢٠٢٤)

سیاسیــــة، اجتماعیة فصلیة

# گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



ڕێزێک بۆ

## دەیڤد گرایبەر



### سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



### ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ





### وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

### کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

### لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

### شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

### واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف

2024

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤




# ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
مەنسوور تەیفووری
شاهۆ عوسمان
وریا ئەحمەد
فازڵ مەحموود
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
سوورێن ئیبراهیم
ئیمان سەلیم
شادیار شۆڕش
مەریوان کاکەیی
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**

٤٨





**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ٢٠١٥-١١-١٦ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

## پێڕست


سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................................ ٩
پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١
شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩
کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................................ ٨١
وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧
کۆڵۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥
واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩
لێکۆڵینەوەی پۆستکۆڵۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥
سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەك‌گوان ........................................ ١٣٢
ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکل ........................................ ١٤٥
لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧
«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................................ ١٨٣
قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١
تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................................ ٢١٥
ڕانان بۆ پەڕتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

لەبری پێشەکی:

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و توندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان
٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤
گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# شاخ و شار:

## دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

"ستایلی ژیان"، زاراوەیەکی باوی سەردەمی ئەمڕۆمانە، کۆمەڵێک وێنە بە زەیندا دەهێنێتەوە، لە چەشنی شارنشینی، بەرخۆری (مەسرەفگەرایی)، وێرانکردنی ژینگە، تاکگەرایی و نامۆبوون و هتد... هەتا شاخنشینی و گوندنشینی، وەک پاشکۆی شاری لێ هاتووە، جۆرێک پەراوێزی گەشتیاری بۆ ستایلی ژیانی شار. ئەویش دوای کزداگەڕانی خەباتی چەکداریی سەدەی بیست کە "شاخ" (چیا) جێی نیشتەجێبوونی هەزاران مرۆی خەباتکار بوو. وێڕای ئەوەی کۆمەڵگای ئێمەش خۆی پتر گوندنشین بوو، لێ پەرەسەندنی شار و شارۆچکەکان وای کرد ژیانی گوندنشینی بەگشتی بپووکێتەوە.

لەم یاداشتە کورتەدا، هەندێک سەرنج لەمەڕ ستایلی ژیانی شار و شاخ دەخەینە ڕوو. ئەویش پشتئەستوور بەو ئایدیایەی کە ئێمە لە شاخەوە هاتینە شار، جۆرێک ژیانی سەرەتایی شارمان

تاقی کردەوە، بەڵام تووشی کۆمەڵێک بنبەست و گەندەڵیی سیاسی، بەهایی، ئاکاریی و شارستانیی هاتین. ئەمەش وا دەکات جارێکی تر لە ڕووی تیۆرییەوە بیر لە ستایلی ژیانی شاخ بکەینەوە، شاخێکی «نێوانگریکراو»، ئەوەی وا لەڕێی شارەوە گەیشتووەتەوە سەر خۆی، ئەوەی کە دوای قۆناغێکی شار باسی دەکەین. شاخی یەکەم، لە مێژووی چەکدارییدا شاخێکی سرووشتی و پڕ و پۆزەتیڤە، شتێکە هێشتا بە ئاگایی شاردا تێنەپەڕیوە، بەڵام شاخی دووەم شاخی دوای شارە، شاخێکی کەرتبوو کە هەمیشە بۆشاییەک لە خۆیدا دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی ڕاڤە بکرێتەوە و لە مرۆڤ و سیاسەت و پاشانیش خۆی ڕابمێنێتەوە:

شاخ ← شار ← شاخ

یان درووستتر: شاخ ← شار ← ~~شاخ~~

بۆ ئەم مەبەستەش، ستایلی ژیانی گەریلا وەک نموونەی شاخ وەردەگرین، ئەو ستایلەی کە دەتوانێت توخمێکی نەفیکار بێت و ڕەخنە لە گەندەڵییە ئاکاریی و بەهاییەکانی شار بگرێت. ئەمەش بەهۆی جۆرێک لە بەراوردەوە دەڕەخسێت، جۆرێک لە بەگژاکردنی تیۆری: ئاخۆ ژیانی شاخ دەتوانێت مۆدێل یاخۆ ئاوێنەی ڕیفۆرم بێت بۆ شار؟ یان شار وەک دیاردەیەکی مۆدێرن ڕێچکەی خۆی گرتووە و خاڵی گەڕانەوەی نییە؟ دیارە ئەم پرسیارانەش لە دەوری ئەو ڕاستییە دەسوڕێنەوە کە خەباتی گەریلا لە شاخ، پتر وەک ستایلی ژیانی لێ هاتووە؛ نەک ئەوەی دۆخێکی کاتی و ئاوارتە

بێت و چاوەڕێی ژیانی شار بن. وەک بڵێی شۆڕش پتر پرۆسەیەکی هەتاهەتاییە نەک ڕاگوزەر، ئەوەی لە شاخ دەگوزەرێت خۆی بەشێکی بەدیهاتنەکەیە، بەشێکی ئەو شتەیە کە هەوڵی بۆ دەدرێت. بە دەربڕینێکی تر، شاخ پردێکی کاتیی پەڕینەوە نییە بۆ شار، بەڵکوو پێشوەخت ڕەخنەکردنی شار و گەڵاڵەکردنی بەدیلێکیشە بۆی. ئەویش لە سەردەمێکدا کە شار ستایلی زاڵە و کەموکورتییە بونیادییەکانیشی بەدیارکەوتوون. بۆیەشە ستایلی شاخ، پتر وەک ژیانێکی ئازادانە دەردەکەوێت نەک ناچاری، شتێکە مرۆ خۆی هەڵی دەبژێرێت نەک ئەوەی بنبەست و تەنگەتاوکردن بێت.

دیارە مەبەستمان لە شاخ، دیاردەیەکی جوگرافیی ڕووت نییە، بەڵکوو جۆرێک ئیمکانی ژیانکردنە کە دەتوانێت بیر لە شاریش بکاتەوە. بۆیە نە شاخ و نە شاریش هیچیان جەوهەریی ناکەینەوە، واتە وەک دیاردەیەکی نەگۆڕ وەریان ناگرین کە بۆ هەمیشە بە کۆمەڵێک خەسڵەتەوە بمێننەوە (توخمێکی بڵندنشین و ترانسیێندێنتاڵە کە ئیمکانی جیاجیای ئەزموونکردن دەڕەخسێنێت). شارێک لەناو کۆپەیوەندییەکانی سەرمایەدا بێت جیایە لە شارێک کە لە سەردەمێکی تردا بژی. وەک چۆن دەشێت شاخ سیمبوڵی ئازادی بێت و هاوکات پێچەوانەکەشی هەڵبگرێت. باسەکە شاخ و شارە لە یەک سەردەمدا، کە دەتوانین هەریەکەیان وەک نوێنەری ستایلێکی ژیان وەربگرین. گەر لە شاردا بیرۆکراسییەت و ئیدارەیەکی چڕوپڕ هەبێت، هاوتاکەی لە شاخدا وەردەگەڕێت بۆ پەروەردەیەکی توندوتۆڵ کە ئامانجەکەی شتێکی ترە. یان کێشەی ناسنامە لە شاردا

پتر فەردانییە، بەڵام لە شاخ شوناسێکی "سەروو-فەردانی"یە. زۆر خاڵی تریش هەن دەتوانن ئەم جیاوازییەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت پێشوەختە ئیمکانە ئەرێنییەکانی شاخ بدەین بەسەر شاردا. شاخێک کە ڕەخنەیە بۆ سەر کۆپەیوەندییەکانی شار و ئایدیاڵەکانی. هەڵبەت ئەوەشمان بیرنەچێت کە شاخ جیایە لەو سرووشتگەراییەی وا دەشێت فەیلەسوفێک یان عارفێک بۆی بگەڕێتەوە. شاخ لێرەدا لە پەیوەندییدایە بە شارەوە، خەسڵەتی پێ دەدات، دەست لە هەناوی وەردەدات و دان بەو ڕاستییەشدا دەنێت کە "شار، وەک ڕووداوێک ڕووی داوە و بیرکردنەوە لە ناواخنەکەی، پێویستی بە ڕامانی نوێیە".

لە ژیانی شاردا چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ زۆرن، چونکە چەمکی "ماف" بەردەوام مرۆڤ دەخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی زیاتری هەبێت. گەر سیاسەتێکیش نەبێت ئەو کەڵکەڵانەی مرۆڤ ڕێک بخات، ئەوە مرۆڤ لە دۆخێکی گرژ و پڕ نیگەرانییدا دەمێنێتەوە. ئەمە بێ لەوەی لە شاری مۆدێرندا پەیوەندیی مرۆڤ و ئەویتر پتر بە یاسا ڕێک دەخرێت. یاسای نووسراو، بۆ پەیوەندیی کۆمەڵێکی زۆر «غەریبە» دادەڕێژرێت. بڕی بەختەوەرییش هەر بەستراوەتەوە بەوەی پەیوەندیی یاسا و ماف چۆن دەکەوێتەوە. بەڵام لە ستایلی ژیانی شاخدا، کە لە چەندین ئەزموونەوە دەردەکەوێت، بەهایەک مرۆڤەکان کۆدەکاتەوە و بە شێوەیەکی حەرفی جەخت لەسەر چەمکی "ماف" نەکەنەوە. ماف لەوێ، ئەو ڕەهەندە پاتۆلۆژیکەی شاری نییە، بەڵکوو لە چەمکی "ئەرک"دا

دەتویێتـەوە – ئەرکێک کـە بەخۆشـحاڵییەوە پێشـوازیی لـێ دەکرێـت و هـەر خۆیشـی جۆرێـک لـە چێژ و بەختـەوەری بەرهـەم دەهێنێت. ئـەو گرژییـەی شـار، لـە شـاخ بەهـەوادا دەچێت، تووشـی پرۆسـەیەکی وەک بڵندبوونـەوە (sublimation) دێـت: بڵندبوونـەوە، میکانیزمێکی دەروونییـە بـۆ بەرهەمهێنانـی چالاکیـی جۆراوجـۆر، چالاکییـەک کـە لەژێـرەوە هـەوڵ دەدات کەمتریـن گرژیـی لـێ بکەوێتـەوە.

بـەم پێیـە، کـۆی ژیانـی شـاخ، جۆرێـک بڵندبوونـەوە و پاڵفتەکردنـی ژیانـی پڕگرژیـی شـارە. لـە شـاردا سـەرگەرمییەکان هەمەڕەنگـن، بـەڵام مـرۆڤ تێیـدا ونـە و شـمەک و کەرەسـتەی نامرۆیـی زاڵـە. لـە سـتایلی ژیانـی شـاخدا، مـرۆڤ وەک مـرۆڤ زیاتـر ئامادەیـە، چونکـە سـەرگەرمییەکان بـە نێوانگریـی مـرۆڤ دەڕەخسـێت: بـە نێوانگریـی هـاوڕێ، هاوبیـر، هاوخەبـات و هتـد. ئاشـکرایە سـەرگەمییە ڕۆژانەییـەکان لـەوێ سـەرگەرمیی بەشـەکیین و ئـەوەی ڕۆڵێکـی گشـتەکی و سـەرەکییتر دەگێڕێـت، ئـەو ئامانجـە سـەرەکییەیە وا هاوەڵانـی نێـو ڕەوتێـک یاخـۆ سـتایلێکی ژیـان بـۆی تێدەکۆشـن. هەڵبـەت هـەر لێرەشـدایە کـە پێویسـت دەکات تووشـی "کورتکردنەوە" نەیەیـن و شـاخ نەکەینـە ئامرازێکـی سـادە لەپێنـاوی گەیشـتن بە ژیانی شـاردا، بەڵکوو ژیانـی شـاخ خـۆی بەشـێکە لـە ئامانجەکـە. شـاخ خـۆی بەشـێکە لـەو بـزاوت و بوونبـە (صەیروورە)یـەی دەیوێـت لـە هەنـاوی خۆیـدا ژیانـی شـاریش تێبپەڕێنێـت. خەسـڵەتە پێکهێنەرەکانـی ژیـان لـە شـاخ، لـە چەشـنی ژینگـە، جلوبـەرگ، سـێکس، هاوڕێیەتـی، سـەرقاڵی، ڕێتـم و خێرایـی و هتـد... گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت. ڕاسـتییەکەی

ڕۆڵی مرۆڤ بەکۆ گۆڕانی بەسەردا دێت: کۆپەیوەندییەکانی شار ڕوویان لە جێیەکە و کۆپەیوەندییەکانی شاخ لە شوێنێکی تر. لە شاردا پاڵنەری مەرگ لە فۆرمی وەڕسی، پووچی، زێدەکارکردن، نامۆییدا خۆی دەردەخات؛ بەڵام لە شاخ ئەو دیاردانە تووشی "بڵندبوونەوە" دەبن و دەگۆڕێن بۆ دیاردەگەلی وەک زیندەڵی، مانا‌داری، زێدەچالاکی و خۆفیداکردن. ئەو جەنگ و مەرگەی لە ستایلی ژیانی شاخدایە، خودی مەرگ دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە مانا، بەها و شادمانی. لە شاخ، مرۆڤ زۆر خەمی ئەوەی نییە چی هەیە و دەبێت چەندی هەبێت، بەڵکوو گەرەکە ئەوەی هەیە، بە ژیانی تاکەکەسیی خۆشیەوە، بدرێتە دەم ئایدیایەکی گەورەوە.

لێرەدا ئەوەی بەدەست دێت، سووکبوونەوەی فشاری ژیانە وەک لەوەی لە شاردا هەیە. هەر لە کۆتایی ئەم خاڵەوە نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە شاخ (چیا) لێرەدا بە واتای دژەمۆدێرن، بەهای گوندیی پێشمۆدێرن و کۆنەپارێزانە نایەت. بەڵکوو شتێکە هاوشانی ژیانی شار و بگرە دوای ژیانی شاریش دەگوزەرێت، ئەوەی ناومان لێ نا «نێوانگریکراو». واتە جۆرێک لە ستایلی ژیانە و لەنێوان شاخ و شاردا ڕێ دەکات، جۆرێک ئاوارتەی هەمیشەیی دەردەکەوێت کە لە بەهاکانی شاردا کۆتایی نایەت و زیاتر دەڕوات: جۆرێک لە توخمی زیادە کە لە شاردا ناتوێتەوە و نیشانەکانی نەخۆشیی شار (سەمپتۆمەکانی شار) دەگۆڕێت بۆ چالاکییەکی ئاسانتر و تەندروستتر.

لە شاری مۆدێرندا جۆرێک داروینیزمی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام لەژێر یاخۆ لە نێوبەینی پەیوەندییە مرۆییەکاندا شاراوەتەوە، یان دابەش کراوە و ناوی جیاجیاش لە هەر بەشێکی نراوە. توندوتیژییە جارنەجارەکانی شار، گەڕانەوەی ئەم ململانێ بەدەوییە داروینییەیە کە بەتەواوی هەرس نەبووە. ئەم داروینیزمەی سرووشتی مرۆڤ گەر لە سرووشت و شاخیشەوە درێژ بووبێتەوە، لە شاردا هێشتا حەل نەبووە. لە ستایلی ژیانی گەریلاییدا، داروینیزمەکە دەهاوێژرێتە سەر دوژمن، دوژمنێک کە دەبێتە نوێنەری خراپەی ناو شارستانییەت (لەم حاڵەتەشدا ئەو دوژمنە، فاشیزمێکە وەک بەلاگەردان کار دەکات). دەروون لە شاردا باجی داروینیزمێکی ژێرەوانکێ دەدات، بەڵام لە شاخ دەدرێتە دەم ئایدیایەکەوە و دوور دەخرێتەوە. دەروون لە شاخ، مادام گەڕانەوەیە لە شار و بڵندکردنەوەیەتی، بۆیە درووستتر و نۆرماڵتر هەڵدەسوورێت (ڕەنگە هەڵەش نەبین گەر بڵێین بڵندیی شاخ، خۆی فۆرمێکی پێشوەختەی شوێنەکی بۆ ئەم بڵندبوونەوە دەروونییە دەرەخسێنێت). دراوسێیەتیی مرۆڤەکان لە شاردا لەسەر بنەمای «بەدگومانییەکی بنەڕەتی» ڕۆ نراوە و خۆی خاڵی تراومایی "ئەویتریێتی"یشە، بەڵام لە شاخ گۆشەی مامەڵەکردن بەم خاڵە تراوماییە پاتۆلۆژیکەوە، گۆڕانی بەسەردا دێت: دراوسێیەتییە ئاسۆییەکە وەردەگەڕێت بۆ جۆرێک لە چڕبوونەوە و گردبوونەوەی "لە ئەویتر-داماڵراو" کە هیچکەس وەک دراوسێی ئەویتر نامێنێت - ئەویتر خۆیشی تووشی بڵندبوونەوە دەبێت، هەتا گەر بڵندبوونەوەیەکی مەجازی و کاتییش بێت. ئەویتری

بەشــەکی و ڕۆژانەیـی لەپێنـاوی ئەویتـری دوژمنـدا لەبیـر دەچێتـەوە.

فرێدریـک نیچـە، لـە چەندیـن شـوێنی فیکـری خۆیـدا، ستایشـی ئـەو ستایلەی ژیـان دەکات کـە خاڵـی نەبێتـەوە لـە ئاڵنگاری و جەنـگ. بـە ئاشـکراش لـە ژیانـی شـار بێـزارە، فەزڵـی جەنگـەڵ و دارسـتانیش دەدات بـە سـەر شـاردا. شـار بـە شـوێنی شـەهوەت و چاوچنۆکـی دادەنێـت، شـوێنی پیـاوان و ژنانـی دەروونپیس. کار دەگاتـە جێیـەک، بگوترێـت نیچـە ستایشـی ڤایکینگـە کۆنـەکان دەکات. دیـارە لـە کـۆدا نیچـە دەزانێـت ژیـان لەنـاو ئاڵنگاریـدا نەبێـت، دەگەنێـت. خۆخشـاندنی بـەردەوام لـە مـەرگ، نـەک مەرگپەرسـتی، ئـەو سـتراتیژەیە کـە نیچـە ستایشـی دەکات. چیانشـینە خەباتگێڕەکانی کـورد، خـودی مەرگیـش وەک کەڕنەڤاڵێـک وەردەگـرن کـە سـەرەتایەکە و دەبێـت گـرێ بدرێـت بـە سـەرەتایەکی نوێتـرەوە (لـە مەراسـیمی ناشـتنی شـەهیدەکاندا، ئـەم کەڕنەڤاڵـە ژیاندۆسـتانەیە دەبینیـن). ژیانـی چیایـی لای نیچـە، بـە پێچەوانـەی شـاخەوانییە کالاییەکانـی ئەمڕۆوە، ژیانێکـە بـە نێوانگریـی سـەرکێشـی و مـەرگ. هـەر بەپێـی نیچـە، لـە شـاخ زانسـتی شـاد بەرهـەم دێـت، شـار دەبێتـە زۆنـگاوی زانیـن، ئـەوەی کـە بەهایەکـی نوێـی لێـوە بەرهـەم نایـەت و بەشـداریی ئـەو نیهیلیزمـە تایبەتـەش دەکات کـە «دوا-مرۆڤ»ـی تیـا دەژی. گەریلایـەک کـە بـۆ کۆمەڵێـک بەهـای نـوێ تێدەکۆشـێت، خـۆی پێشـوەخت پێـی خسـتووەتە نـاو ئـەو بەهایانـەوە. ستایلی ژیانـی وی، سـەرپێکەوتنی پێشـوەختەی ئـەو بەهایانەیـە. ئـەو سـتایلە ژیانـە، کەمتـر بیـر لـە جێگیربـوون دەکاتـەوە؛ بۆیـە پرۆسـەیەکە بەڕێوەیـە، و مـەرگ و ژیـان لـە کۆیەکـی بزێـودا

کۆ دەکاتـەوە. سـەرەنجام مرۆڤە ئایدیاڵەکەی نیچـە و گەریلاش، لـە سنووری زانستە سیاسییەکاندا نامێننەوە؛ چونکە سنووری بەها و دامودەزگاکانی دەوڵەت و شار تێدەپەڕێنن. دیارە ئەم بەهایانـە تا ئەو ساتەی نەگشتێنرێن و نەبنە ئەزموونی گشتینەی مرۆڤەکان، ئەوا تەنیا وەک ستایلێک دەمێنێتەوە.

لـە شـاخ، پەیوەندییـەکان مەعنەوییـن تـا ڕەسـمی و یاسـایی، بـە مانایەکـی تـر «هەڤاڵانە»ـن؛ بـە پێچەوانـەی شـارەوە کـە پتـر هاوڵاتیبوونـە. دیـارە لـە شـاردا مرۆڤـەکان هاوڕێـن، بـەڵام لـە چەنـد کەسـێکی کـەم تێناپـەڕن. پێشـوەخت لـە شـاخ، هـەزاران کـەس دەچنـە پەیوەندیـی هەڤاڵێتییـەوە و نـاوی تایبـەت دەسـڕدرێتەوە. لـە شـاردا خاوەندارێتیـی تایبـەت (private property)، لـە نـاوی تایبەتـەوە دەست پێ دەکات، ناوەکە پیرۆز دەکرێت، چاوی لـە موڵکی تایبەتە، بـە جۆرێـک ئـەم نـاوە تـا ئاسـتی هەڵاوسـان دەبرێـت و پەتایەکـی وەک پەتـای ناوبانگـی لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەم پەتایـە دەتوانێـت بەهـا مرۆییـەکان پێشـێل بـکات و ئەوانـی تـر بکاتـە پـردی سـەرکەوتنی خـۆی. بۆیـە کاڵکردنـەوەی نـاوی تایبەت لە کۆپەیوەندییەکانی شـاخدا، هەنـگاوی یەکەمـە بـۆ جەنگیـن دژی خاوەندارێتیـی تایبـەت. دیـارە خاوەندارێتیـی تایبـەت بـەم شـتانە ناسـڕدرێتەوە و ڕیشـەکەی لـەوە داکوتراوتـرە، بـەڵام مرۆڤـەکان دەتوانـن بەئاگاییـەوە هەندێـک ئاسـۆی نـوێ بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی لـە مەترسییەکانی تێبگـەن. نـاوی تایبـەت لـە شـاردا، میدیـا و شـوێنی کار و دەزگاکانـی تەنیـوە و خاوەندارێتیـی تایبەتـی بـەرەو جێیـەک بـردووە کـە ڕەنگـە بتوانیـن نـاوی بنێیـن

"نەخۆشیی ناو". ئەم نەخۆشییە، باجی نەمانی ئایدیایەکی گەورەیە کە بتوانێت فشارەکانی سەر تاکەکەس کەم بکاتەوە.

بەهۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای سەربازیی و جەنگەوە، ستایلی ژیانی شاخ قورستر دەبێت، بەڵام کۆتایی نایەت. تەکنۆلۆژیا ئەو دژیەکییە ناوەکییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە تا ببێتە بەشێک لە ستایلی ژیانی شاخیش؛ لانیکەم وەکو بەرگری و بەرپەرچدانەوە. ئەوەی لەم ئاڵوگۆڕانەدا گرنگە، دیوە مرۆییەکەیەتی: شتی نامرۆیی، ناتوانێت کۆتایی بە ناکۆکییە مرۆییەکان بهێنێت. بگرە چەمکگەلی وەک ئیرادە، هێز، بەرگری و هتد... تۆختر دەبنەوە. هەتا پرسگەلی وەک پاڵەوانی و بەرخودان، شوێنی خۆیان دەگۆڕن نەک ئەوەی خۆیان بگۆڕێن و بسڕێنەوە. جێگۆڕکێ جیایە لە بنەبڕبوون. شاخ، ناوەڕۆکە مرۆییەکەی لەدەست نادات و هەر دیاردەیەکی تەکنیکی و نامرۆیی، ئەو ستایلەی ژیان دادەڕێژنەوە. داڕشتنەوەکەش بەشەکییە نەک گشتەکی. لەم ڕووەوە، شاخ هەمیشە وەک ترسێک لە هەناوی شاردا دەمێنێتەوە. ئەم "لەسەنتەرخستن"ـەی شار، نموونەی لە مێژووی خەباتدا زۆرە و بۆ داهاتووش هەر درێژە دەکێشێت.

ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە باشووری کوردستان لە شاخ هاتینە خوار بەرەو شار، بەڵام لەڕووی فیکر و پەروەردە و ڕوئیاوە هێشتا ئامادەی شار نەبووین. شار کرایە شوێنی کەڵەکەکردنی خێرای سامان و حیزبچێتی. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، نەخشەی بنیاتنانی

مرۆڤێکی نوێ لەبار چوو. تا گەیشتینە ئەو بنبەستەی ئەمرۆ کە ناچار بین جارێکی تر بیر لە ماتەوزەکانی شاخ بکەینەوە – شاخ وەک دەسپێکێکی نوێ کە لە خەباتی گەریلادا مانای نوێتری وەرگرتووە. ڕاستییەکەی ئەزموونی ڕۆژئاڤای کوردستان یەک لەو ئەزموونانەیە کە بەرەنجامی ڕوئیای شاخە. دەشێت شاخ (چیا) ببێتە سەرچاوە بۆ چەندین ئیمکان و ئەزموونی تر.

★★★

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

**لەم شوێنانە بەردەستە**

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم وزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com